# وەقایعی كوردستان

پۆژنامەی فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەكات

ژمارە (٩٤) چاپی یەكەم ساڵی هەشتەم ٢٢/١٢/٢٠٠٨ م ١١/سەرماوەز/٢٧٠٨ كوردی ٢٤/ ذي الحجة/ ١٤٢٩


94

Waqaehi Kurdistan

لەم ژمارەیەدا:


* رێنمایی دارایی ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ١
* رێنمایی دارایی ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٧
* رێنمایی دارایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٩
* رێنمایی دارایی ژمارە (٢٩) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ١١
* رێنمایی دارایی ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ١٣
* رێنمایی دارایی ژمارە (٤١) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ١٤
* رێنمایی دارایی ژمارە (٤٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ١٥
* رێنمایی دارایی ژمارە (٤٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٢٠
* رێنمایی دارایی ژمارە (٤٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٢٢
* بەیانی وەزارەتی شارەوانی ژمارە (٧ و ٨) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٢٣
* بەیانی وەزارەتی داد ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ ............ لا ٢٤



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنكاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد..

☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

نرخی ٧٥٠ دینارە

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (٩٤) الطبعة الاولى السنة الثامنة ٢٠٠٨/١٢/٢٢ م ١١/سەرماوەز/٢٧٠٨ ٢٤/ ذي الحجة/ ١٤٢٩ هـ

في هذا العـدد:


- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٢١ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص ١
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٢٢ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص ٧
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٢٣ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص ٩
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٢٩ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص١١
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٣٥ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص١٣
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٤١ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص١٤
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٤٢ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص١٥
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٤٤ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص٢٠
- تعليمات وزارة المالية المرقم ( ٤٥ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص٢٢
- بيان وزارة البلديات المرقم ( ٧ و ٨ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص٢٣
- بيان وزارة العدل المرقم ( ٦ ) لسنة ٢٠٠٨..............باللغة الكوردية.............. ص٢٤


**No.:94 Date : *DECEMBER*,22, 2008 Vol. : 8**

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

**وەزارەتـــی دارایـــــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٤٠١٧/١٤/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١/٢٤**

## ڕێنمایـــــــی دارایـــــــی ژمـــــــارە (٢١)

### بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

### ب/ مووچە و دەرماڵە

لەسەر ڕۆشنایی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە / ٦٩٤٣ لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ بڕگەی یەکەم و پاڵپشت بە یاسای ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی حکومەتی عێراقی فیدرال بڕیاردرا بە گۆڕینی مووچە و دەرماڵـەکانی گشت فەرمنبەرانی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پلە یەك و بەرە و خوارەوە بە پەیرەو کدنی ئەم خاڵانەی خوارەوە بە مەبەستی هەموار کردنی مووچەکانیان و باشتر کردنی بژێوی ژیانیان بە ڕەچاوکردنی بڕوانامە و پلەی وەزیفی و شوێنی جوگرافی و ترسناکی و ساڵانەی خزمەت و باری کۆمەڵایەتیان .

**یەکەم** // ١. مووچەی گشت فەرمانبەران دەگوازرێتەوە بۆ هەمان پلەو مەرتەبەی خۆیان بەپێ ی خشتەی مووچەی نویێ ی هاوپێچ .

٢ـ لە کاتی گواستنەوەی مووچەی فەرمانبەر لە خشتەی کۆن بۆ سەر خشتەی نوێ ئەگەر هاتوو مووچەکەی بە هەمان مووچە بوو ئەوا مەرتەبەی دواتری پێدەدرێت . بۆ نموونە مووچەی پلە (١٠) خانەی یەکەم بە بڕی (١٤٠) سەدو چل هەزار دینار لە کاتی گواستنەوەی بۆ پلە (١٠) مەرتەبە (١) لە خشتەی نوێ کە بڕەکەی (١٤٠ ٠٠٠)سەدو چل هەزار دینارە لێرەدا مووچەی مەرتەبەی (٢)ی بۆ خەرج دەکرێت بە بڕی (١٤٤ ٠٠٠) سەدو چل و چوار هەزار دینار .

٣. جێگیر کردنی فەرمانبەران لە هەمان پلە و ناونیشان و مەرتەبەکانی خۆیان کە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ دیاری کراوە بۆیان بە مەرجێك پلە و ناونیشان و مەرتەبەکانیان بەپێ ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی١٩٦٠ ی هەموار کراو و یاسا کارپێکراوەکان پێیان بەخشرابێت

**دووەم** // مووچەی فەرمانبەر بەپێ ی بڕوانامەی لە کاتی دامەزراندنی بەم شێوەی خوارەوە دیاری دەکرێت بەپێ ی خشتەی هاوپێچ :.

١. بێ بڕوانامەکان مەرتەبەی یەکەم لە پلەی دەیەم بە مووچەی (١٤٠) سەدو چل هەزار دینار .

٢. هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی لە مەرتەبەی چوارەم پلەی دەیەم بە مووچەی (١٥٢) سەدو پەنجاو دوو هەزار دینار .

٣. هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندی لە مەرتەبەی یەکەم پلەی نۆیەم بە مووچەی (١٨٥) سەدو هەشتاو پێنج هەزار دینار .

٤. هەڵگرانی بڕوانامەی دواناوەندی بە گشت بەشەکانیەوە و هەروەها ئامادەییە پیشەییەکانیش لە مەرتەبەی یەکەم لە پلەی هەشتەم بە مووچەی (٢٤٠) دوو سەدو چل هەزار دینار .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٥ـ هـەڵگرانی بڕوانامـەی پەیمانگـەکان (٢) دوو سـاڵ لـە دوای خوێنـدنی ئامادەیی ، و پەیمانگـەکانی مامۆستایان (٥) پێنج ساڵ لە دوای خوێندنی ناوەندی لە مەرتەبەی پێنجەم لە پلەی هەشتەم بە مووچەی (٢٦٠) دوو سەدو شەست هەزار دینار .

٦ـ هـەڵگرانی بڕوانامـەی زانکـۆیی سـەرەکی (بکـالۆریۆس) مەرتەبـەی یەکـەم لـە پلـەی حەفتـەم بـە مووچەی (٢٩٦) دوو سەدو نەوەدو شەش هەزار دینار .

٧ـ هـەڵگرانی بڕوانامـەی زانکـۆیی سـەرەکی (بکـالۆریۆس) لـە دەرمانسازی یـان پزیـشکی ددان یـان پزیشکی ڤێتەرنـەری یـان ئەنـدازەیی هاوتـای ئـەم بڕوانامانـە کـە مـاوەی خوێنـدنی پێویـست بـۆ وەرگرتنی (٥) پێنج ساڵە بەلایـەنی کەمـەوە لـە دوای خوێنـدنی ئامادەیی لـە مەرتەبـەی یەکـەم لـە پلەی شەشەم بە مووچەی (٣٦٢) سێ سەدو شەست و دوو هەزار دینار .

٨. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان بڕوانامەی هاوتـای و کۆلێـژی پزیـشکی عێراقـی یـان هاوتـای کـە مـاوەی پێویـست بـە وەرگرتنـی لـە (٦) شـەش سـاڵ کـەمتر نـی یـە لـە دوای خوێنـدنی ئامادەیی لـە مەرتەبەی سێ یەم لە پلەی شەشەم بە مووچەی (٣٧٤) سێ سەدو حەفتاو چوار هەزار دینار .

٩. هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراه (٣) سێ ساڵ لە دوای بڕوانامەی زانکۆیی سەرەکی (بکالۆریۆس) لە مەرتەبەی یەکەم لە پلە پێنجەم بە مووچەی (٤٢٩) چوار سەدو بیست و نۆ هەزار دینار .

**سێ یەم** // سەر مووچەو بەرزکردنەوە : .

١ـ فەرمانبـەران بـەرواری پلـە بەرزکردنـەوە و سـەر مووچـەی سـاڵانەیان وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە بـۆ پلـە بەرزکردنەوە و سەر مووچەی داهاتوویان ئەگەر هیچ ڕێگرێکی یاسایی نەبێت .

٢. ناشێت دووبارە و سەر لە نوێ چاوخشاندنەوە بە مووچەی فەرمانبەران بکرێت لەبەر نـەبوونی دەقێکـی یاسایی تایبەت بەم بابەتەوە .

٣ـ ناشـێت فەرمانبـەران پلــە بەرزکردنــەوەیان بــۆ بکرێــت زیــاتر لــە یــەك پلــەی وەزیفـی بــەڵام پلــە بەرزکردنەوەیان بۆ دەکرێت بۆ پلەیەکی بەرزتر لە پلەکەی خۆی لە کاتی شایستەبوونی یاسایی و هەبوونی مەرجەکانی تایبەت بە بەرزکردنەوە وەك هـەبوونی تـەرخانکراوی دارایـی و پلـەی چۆڵ و .... هتد بەپێ ی هەیکەلی ڕێکخستنی فەرمانگە .

٤. سەبارەت بـەو فەرمانبەرانـەی کـە جێگربوونـە لـە یـەکێك لـە پلـەکان و مەرتەبـەکان بـەم شـێوەی خـوارەوە دەبێت هەروەکو لە خشتەی هاوپێچ هاتووە : .

أ . بـێ بڕوانامـە پلـە پێـنج (٥) مەرتەبـە (١٠) بـە مووچـەی (٣٧٠) سـێ سـەدو حـەفتا هـەزار دینـار بکرێتە (٤٩٩) چوار سەدو نەوەت و نۆ هەزار دینار .

ب . بڕوانامەی سەرەتایی پلە (٤) مەرتەبە (١٠) بە مووچەی (٤٢٢) چوار سەدو بیست و دوو هەزار دینار بکرێتە (٦٠٩) شەش سەدو نۆ هەزار دینار .

ج . بڕوانامەی ناوەندی پلە (٢) مەرتەبە (٦) بە مووچەی (٦٤٦) هەزار دینار بکرێتە (٨٤٣) هەشت سەدو چل و سێ هەزار دینار .

٥. ئەگەر بەرز کردنەوەی فەرمانبەر مەحال بوو بۆ پلەیەکی بەرزتر یان بەخشینی سەر مووچەی ساڵانەی بە هۆی هەبوونی ڕێگرێکی یاسایی بۆ گەیاندنی مووچەکەی بۆ بەرزترین سنووری پلەکەی : .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

أ . دەشێ سەر مووچەی ساڵانەی پێبدرێت بۆ گەیاندنی مووچەکەی بۆ پلەی بەرزتر لە پلەی خۆی بەبێ گۆڕینی ناونیشانی و بە ڕەزامەندی وەزیری تایبەتمەند ، بۆ نموونە ئەو فەرمانبەرەی کە مووچەکەی لە پلەی (٥) مەرتەبە (١١) دەوستێت بە مووچەی (٤٩٩) چوار سەدو نەوەت و نۆ هەزار دینار بەردەوام دەبێت لە وەرگرتنی مەرتەبە بە بڕی (٧٠٠٠) حەفت هەزار دینار بە مەرجێك لە پلە (٤) مەرتەبە (١١) بە مووچەی (٦٠٩) شەش سەدو نۆ هەزار دینار تێ پەر نەکات

ب . بە بەردەوام سەر مووچەی ساڵانە دەدرێت بە فەرمانبەر لە پلە (١) مەرتەبە (١١) بە مەرجێك لە مووچەی نزمترین سنووری پلە بەرزی (ب) تێ پەرنەکات بۆ نموونە (١ ١٤٨ ٠٠٠) ملیۆن و سەدو چل و هەشت هەزار دینار لە مووچەی (١ ٥٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار تێ پەرنەکات .

ج . ئەگەر هاتوو ئەو فەرمانبەرەی لە مەرتەبە (١١) بوو بەرزکردنەوەی پلەی وەستابوو بە هۆی نەبوونی میلاك و هەر هۆیەکی تر لەو حاڵەتەدا مەرتەبەی پلە بەرزترەکەی بۆ خەرج دەکرێت بۆ نموونە : .

پلە (٣) مەرتەبە (١١) بە مووچەی (٧٤١) حەفت سەدو چل و یەك هەزار دینار سەر مووچەی ساڵانەی پلە (٢)ی بۆ خەرج دەکرێت بە بڕی (١٧ ٠٠٠) حەڤدە هەزار دینار بەڵام ئەگەر هاتوو فەرمانبەر لە پلە (٣) مەرتەبە (٥) بە مووچەی (٦٦٩) شەش سەدو شەست و نۆ هەزار دینار بوو بەردەوام دەبێت لە وەرگرتنی سەر مووچەی ساڵانەی خۆی بە بڕی (١٢ ٠٠٠) دوانزە هەزار دینار .

٦. ئەو فەرمانبەرەی کە ساڵێکی خزمەتی فیعلی تەواو دەکات سەر مووچەی ساڵانەی پێدەدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگە (٤و٥)ی سەرەوە .

٧. ئەو فەرمانبەرانەی لە بەرواری (٢٠٠٨/١/١)ەوە دامەزراون یان دادەمەزرێن بۆ هەر ساڵێکی خوێندن بەسەر کەوتوویی لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەکانی خوێندنی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی سەرەوە یەك مەرتەبەیان دەدرێتێ .

٨. ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ هیچ مەبەستێك ئەژمار ناکرێت و سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوەی بۆ جێ بەجێ ناکرێت .

**چوارەم / دەرماڵەکان : .**

١. دەرماڵەی پایە : . ئەم دەرماڵەیە بەپێ ی ئەم ڕێژانەی خوارەوە خەرج دەکرێت : .

أ . (٣٠٪) لە مووچە بۆ ئەوانەی کە هەڵدەستن بە کاری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەپێ ی هەیکەلی ڕێکخستنی فەرمانگە و ئەوانەی کە لەو پلەیەن .

ب . (٢٥٪) لە مووچە بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆری و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان و پەیمانگەکان و خوێندنەکانی پیشەیی .

ج . (٢٥٪) لە مووچە تەنها بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگە لاوەکییەکان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناو وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەپێ هەیکەلی ڕێکخستنی فەرمانگە .

د . (٢٠٪) لە مووچە بۆ بەڕێوەبەری بەش .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

هـ . (١٥٪) لـە مووچـە بـۆ یاریـدەدەرانی بەڕێوەبـەرەکانی قوتابخانـەکان و پەیمانگـەکان و خوێندنـەکانی پیشەیی و یاردەدەرانی بەڕێوەبەرەکانی هاتوو لە بڕگە (ج ، د) ی سەرەوە و سەرۆکی هۆبەکان .

٢. دەرماڵەی بڕوانامە : . بەپێ ی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دەبێت : .

أ . (١٠٠٪) لە مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوتای ئەم بڕوانامەیە .

ب . (٧٥٪) لە مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان هاوتای ئەم بڕوانامەیە.

ج . (٥٥٪) لە مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی بـالا کـە لـە (ا) سـاڵی خوێنـدن کـەمتر نـی یـە لـە دوای خوێندنی زانکۆیی .

د . (٤٥٪) لە مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆس .

هـ . (٣٥٪) لـە مووچـە بـۆ هـەڵگرانی بڕوانامـەی دبلـۆمی تـەکنیکی و ئـەو مامۆسـتایانەی کـە هـەڵگری بڕوانامەکانی سەرەوە نین و هەروەها مامۆستایانی خولی شیاندن دەگرێتەوە .

و . (٢٥٪) لە مووچە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بە هـەموو بەشـەکانیەوە و هـەروەها ئامادەییـەکانی پیشەیی .

٣. دەرماڵەی پیشەوەری (حرفە): . بە ڕێژەی (١٥٪) لە مووچە بۆ ئەوانـەی کـە هـەڵگری ئـەو بڕوانامانـە نـین کـە ناوبراوە لە بڕگە (٢)ی سەرەوە .

**پێنجەم** // دەرماڵەی شوێنی جوگراف : . بەم شێوەی خوارەوە خەرج دەکرێت و لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە : .

١. (٦٠ ٠٠٠) شەست هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە لە شوێنە زۆر دوورەکان کار دەکەن .

٢. (٥٠ ٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە لە لادێیەکان کاردەکەن .

٣. (٤٠ ٠٠٠) چل هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە لە سەنتەری ناحیەکان کار دەکەن .

٤. (٣٠ ٠٠٠) سی هەزاردینار بۆ ئەوانەی کە لە سەنتەری قەزاکان کار دەکەن جگە لە قەزاکانی سـەنتەری پارێزگاکان .

٥. (٢٠ ٠٠٠) بیـست هـەزار دینـار بـۆ ئەوانـەی کـە لـە سـەنتەری پارێزگـا کاردەکـەن جگـە لەوانـەی کـە گواستنەوەی بە خۆرایی دەیانگرێتەوە .

**شەشەم** //دەرماڵەی ترسناکی پیشە (مخصصات الخطورة المهنية): . بەپێ ی ئەم دوو پۆلینەی خوارەوە دەبەخشرێت:

١ـ ترسـناکی پـۆلینی (یەکـەم): ـ ڕێـژەی (٣٠٪) لـە مووچـەی بنـەڕەت بـۆ ئەوانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ تووشـی ترسناکی دەبن و بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ نموونە (ئەوانەی کە لە تاقیگـەکانی خوێن کاردەکـەن و هۆبـەکانی نەخۆشیە گواستراوەکان (الامراض المعدية) و ئەوانەی کە لە بەشەکانی نەخۆشیە کوشندەکان کاردەکەن و هەروەها ئەوانەی کە تووشی ماددە ژەهراوییەکان دەبن لە کارەکانیان ، و ئەوانەی کـە تووشـی لێدانی کارەبایی دەبن (الصعقة الكهربائية) .

٢. ترسناکی پۆلینی (دووەم) : . ڕێژەی (٢٠٪) لە مووچەی بنەڕەت بۆ ئەوانەی کە تووشـی ترسـناکی دەبن بە شێوەیەکی کەمتر لە پۆلینی (١) واتە بۆ ئەوانەی کە ناونەبراون لە بڕگە (١)ی سەرەوە .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**حەفتەم** // دەرماڵەی خێزانداری : .

١ / أ . دەرماڵەی خێزانداری خەرج دەکرێت بۆ فەرمانبەر بە بڕی (٥٠ ٠٠٠) پەنجا هەزار دینـار بـۆ یـەکێکیان دەبەخـشرێت لـە حاڵـەتێك ئەگـەر ژن و پیـاو هـەردووکیان فەرمانبـەر بـوون و مووچـەیان هـەبوو یـان مووچەی خانشینی .

ب. ئـەو فەرمانبـــەرەی کــە پیاوەکــەی کۆچــی دوایــی کــردووە یــان تووشــی نەخۆشــیەك هــاتووەو (پەککەوتە)بووە شایستەی دەرماڵەی بڕگە (١)ی سەرەوەیە لـە حاڵـەتێك ئەگەر مووچەی خانەنشینی وەرنەگریٚ .

٢/ بـڕی (١٠ ٠٠٠) دە هـەزار دینـار خـەرج دەکرێـت بـۆ هـەر منالێـك تـا چـوار منـالٚ واتـە منـاڵی چوارەمیش دەگرێتەوە .

**هەشتەم** // کریٚ ی کاری سەرەرای فەرمانبەران بەم شێوەی خوارەوە دەبێت : .

١. هەژمار کردنی یەك کات ژمێری کاری سەرەڕایی بە دوو کاتژمێر و هەژمارکردنی یەك کات ژمێری کـاری سەرەڕایی لە ڕۆژانی پشووی هەفتە یان لە پشووەکانی فەرمی بە سیٚ کات ژمێری کاری ئاسایی .

٢. کریٚ ی کاتژمێرەکانی کاری سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە هەژمار دەکرێت : .

**پۆلینی یەکەم**// (٦ ٠٠٠) شەش هەزار دینار بۆ خاوەن پلە باڵاکان .

**پۆلینی دووەم** // (٥ ٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ فەرمانبەرانی پلەی یەکەم تاکو پلەی چوارەم .

**پۆلینی سیٚ یەم** // (٤ ٠٠٠) چوار هەزار دینار بۆ فەرمانبەرانی پلەی پێنجەم و بەرەوخوارەوە .

٣ـ کریٚ ی کـاری سـەرەڕایی فەرمانبـەرانی گرێبەسـتیش دەگرێتـەوە و هـەروەها ئەوانـەی کـە ناونیـشانی وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەوسەرەوەن .

٤ـ کـریٚ ی کـاری سـەرەڕایی بـەپیٚ ی فـەرمانی وەزاری یـان فـەرمانی سـەرۆکی فەرمانگـەی نەبەسـتراو بـە وەزارەت دەبێـت و لـەم فەرمانـە جـۆری کـارو ژمـارەی کاتـژمێرەکان و ئـەو کرێیـەی کـە شایـستەن پـیٚ ی دیاری دەکرێت و بۆ ماوەی (٣) سیٚ مانگ و دەکرێت نویٚ بکرێتەوە لە کاتی پێویست .

٥. ناشێت کۆی کاتژمیری کاری سەرەڕایی فەرمانبەر هەفتانە لە (٢٥) بیست و پێنج کاتژمێر تیٚ پەربکات

٦ـ کریٚ ی کـاری سـەرەڕایی دەبڕدرێـت لـە فەرمانبـەر لـە کـاتی وەرگرتنـی مۆڵـەتی نەخۆشـی یـان ئاسـایی ماوەکەی هەر چەند بێت و هەروەها لە کاتی شاند کردنی فەرمانبەربۆ ناوەوە و دەرەوەی وولاٚت .

٧ـ کـریٚ ی کـاری سـەرەڕایی لـە بـەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە جـیٚ بـەجیٚ دەکرێـت و کـار بـە هـیچ ڕێنماییـەك ناکرێت دژبەم ڕێنماییە بێت .

**نۆیەم** //ئەنجومەنی وەزیران دەسەلاٚتدارە بە بەخشینی دەرماڵەیەك لە ڕێژەی (٥٠٪) تیٚ پەرنەکات لە مووچە جگە لەو دەرمالاٚنەی سەرەوە بۆ حاڵەتی زۆر پێویست یان ئەو حاڵەتانەی کە سروشتێکی تایبەتی هەیە .

**دەیەم** // کار ناکرێت بە هیچ ڕێنماییەك کە پێچەوانەی خاڵەکانی ئەم ڕێنماییە بێت .

**یازدەهەم** // ئەم ڕێنماییە ئەو فەرمانبەرانەش دەگرێتەوە کە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ ەوە خانەنشین کراون لەگەڵ خەرج کردنی جیاوازییەکان .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**دوازدەهەم** // ئەو دەرمالآنەی کە وەرگیراون و خەرج کراوە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ەوە بەپێ ی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە پێشینە لە ئەستۆی فەرمانبەرانەوە و بە شەش پشکی یەکسان مانگانە لێ یان وەربگیرێتەوە تاکو بەرواری ٢٠٠٨/١٢/٣١ .\

**سێزدەهەم** // ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ەوە کاری پێ دەکرێت لەگەڵ خەرج کردنی جیاوازییەکان لە مانگی (٧) ی٢٠٠٨ەوە و جیاوازی هەر مانگێك لەگەڵ مانگەکانی شایستەی خەرج بکرێت .

## ڕێساکانی گشتی

١ـ ئەم ڕێنماییە تەنها فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی دەگرێتەوە ، بەلآم کارمەندانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە ناگرێتەوە .

٢ـ سەبارەت بە فەرمانبەرانی ڕاژەی زانکۆیی تەنها دەرماڵەی بڕوانامە و دەرماڵەی خێزانداری هاتوو لەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە .

٣ـ جێگیر کردنی ناونیشان و پلە و مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران بەپێ ی ئەم ڕێنماییە بە فەرمانی وەزاری دەبێت و بەپێ لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتەکان بە مەرجێك سەرۆکی لیژنە لە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و بە ئەندامیەتی دوو فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەر کە شارەزاییان هەبێت لە بواری کاروباری فەرمانبەران .

٤ـ دەرماڵەی پایە بۆ ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرێت کە بەپێ ی فەرمانی وەزاری یان کارگێری ئەو پایەیان پێ سپێردراوە و لە کاتی گواستنەوەیان ئەم دەرماڵەیە ڕادەگیرێت .

٥ـ دەرماڵەی منداڵ بەردەوام خەرج دەکرێت تا تەمەنی (١٨) ساڵ تەواو دەکات یاخود بەردەوام دەبێت لە خوێندن ، و لە حاڵەتی وازهێنان لە خوێندن و هەروەها لە کاتی دامەزراندنی یان هەبوونی هەر دەرامەتێك ئەم دەرماڵەیە ڕادەگیرێت ، بۆ ئافرەتیش لەکاتی شووکردنی خەرج ناکرێت .

٦ـ دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ سەنتەری پارێزگا خەرج ناکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بە ئۆتۆمبیلی میری هاتووچۆ دەکەن و هەروەها دەرماڵەی گواستنەوە نابێت خەرج بکرێت .

٧ـ کۆی گشتی سەرجەم دەرماڵەکان بەپێ ی ئەم ڕێنماییە و هەر یاسایەکی تر ئەگەر هەبێت جگە لە دەرماڵەی خێزانداری و کرێ ی کاری سەرەڕایی (اجور الاعمال الاضافیة) نابێت لە ڕێژەی (٢٠٠٪)ی مووچە تێ پەڕبکات .

٨ـ دەرماڵەی بڕوانامە لە کاتی مۆڵەتی ئاسایی یان نەخۆشی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ خەرج ناکرێت .

٩ـ دەرماڵەی بڕوانامە لە مۆڵەتی لە دایك بوون و دایکایەتی خەرج دەکرێت .

١٠ـ دەرماڵەی بڕوانامە لە کاتی ئیفاد کردن و مۆڵەتی خوێندنیشدا خەرج دەکرێت .

١١ـ دەرماڵەی شوێنی جوگرافی لە گشت مۆڵەتەکاندا خەرج ناکرێت .

بۆ کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕەشید تاهـــــیر حەسەن**

**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتــــی دارایــــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە**

**ژمارە: ١٤١٢٠/٢٤/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٦/٢٥**

## ڕێنمایــــــی دارایــــــی ژمــــــارە ( ٢٢ )

### بۆ / وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی

### ب/ ڕاژەی زانکۆیی

لەسـەر ڕۆشـنایی بڕیـاری سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بـە نووسـراوی ژمـارە / ١٦٣٩ لـە ٢٠٠٨/٦/٢٥ و پاڵپشت بە بڕگەی چوارەم و نۆیەم لە ماددەی (٦) و بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٤) و بڕگەکانی ماددەی (١٥) لەیاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨بڕیاردا بە:-

**یەکەم** : فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی خۆتەرخان کراو و تەرخان کراوی زانستی دەرماڵەی خۆتەرخان کردنی زانکۆیی بۆ خەرج دەکرێت مانگانە بە ڕێژەی (١٠٠٪) لە مووچەی بنەرەتی .

**دووەم** : لەسەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی زانکۆ و پەیمانگاکان و لەبەر پێویستی فیعلی زانکۆ و پەیمانگاکان کە پزیشك و پزیشکی ددان و پزیشکی ڤێتەرنەری و دەرمانسازان و ئەندازیاران کە ئەندامی دەستەی وانە بێژ نین و خۆیان تەرخان دەکەن دەرماڵەی خۆ تەرخانکردنی زانکۆیی دەیانگرێتەوە بە ڕێژەی (١٠٠٪) ی مووچە بە فەرمانی وەزیری تایبەتمەند یان ئەوانەی دەسەلاّتیان پێدراوە بە پێی یاسا.

**سێیەم** : ١- فەرمانبەرانی تەکنینکی لە وەزارەتی خوێندنی بالاّ و دام و دەزگاکانی سەربەوەزارەتی خوێندنی بالاّ کار دەکەن بە ڕێچەی (١٠٠٪) مووچەی دەرمالەیان بۆ خەرج دەکرێت مانگانە.

٢- ئەو فەرمانبەرە کـــارگێڕیانەی کە پێویست دەکـــات لەگەڵ فەرمانبەرانی ڕاژەی زانکۆیی کار بکەن لەبەر ئەوەی ئیش و کـــارەکانیان وا دەخـوازێت ، دەرمـــاڵەی خۆ تەرخـــان کردن دەیانگرێتەوە بە ڕێژەی (٧٥٪)ی مووچەکانیان مانگانە .

**چوارەم** : ١- یاریدە دەری ڕاگر و سەرۆکی بەشە زانستیەکانی کۆلیژ و پەیمانگاکانی سەر بە میلاکی وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی دەرماڵەی پایەیان بۆ خەرج دەکرێت بە بری ( ٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە.

٢- بریاردەرەکانی بەشە زانستییەکانی کۆلیژ و پەیمانگاکان دەرماڵەی پایەیان بۆ خەرج دەکرێت بە بری ( ١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە.

٣- لێپرسراوی بەشە کارگێڕیەکانی دیوانی وەزارەت و ناو زانکۆ و کۆلیژ و پەیمانگاکان مانگانە بری (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار پایەیان بۆ خەرج دەکرێت.

**پێنجەم**:- ١- دەرماڵەی خۆتەرخان کردنی زانکۆیی نابێتە ڕێگر لە خەرج کردنی پاداشتی ڕاوێژکاری لە دام و دەگا حکومیەکان و کەرتی تایبەت بەپێی بواری پسپۆری زانستی و وەرگێران و بەرهەمی زانستی و هونەری یەکان.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

٢- دەرماڵەی خۆتەرخان کردنی زانکۆیی بەردەوام خەرج دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:-



WWW.MOJKURDISTAN.COM

- لە پشووی فەرمی.
- لە مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی تاکو ٣٠ رۆژ.
- لە مۆڵەتی لە دایك بوون.
- لە ئیفاد و سەفەرە فەرمییەکان.

٣- لەم حالەتانەی خوارەوە نیوەی دەرماڵەی خۆتەرخان کردنی زانکۆیی و نیوەی مووچەی بۆ سەرف دەکرێت:-

- لە کاتی مۆڵەتی دایکایەتی .
- مۆڵەتی خوێندن لە ناوە وە و دەرەوەی هەرێم.
- ناردنە دەرەوەی بە مەبەستی خوێندن ( البعثات الدراسية ).
- زەمالە بۆ دەرەوەی وولآت.

**شەشەم** :- فەرمانبەری راژەی زانکۆیی کە مەرجەکانی ئەندامیەتی دەستەی وانە بێژی تێدابێت و خۆی تەرخان نەکات ، بەپێی یاسا دەرماڵەی خۆتەرخان کردن ( التفرغ الجامعي ) نایگرێتەوە و بۆی خەرج ناکرێت.

**حەفتــەم** :- ئەم رێنمایییە ئەو فەرمانبەرانەش دەگرێتەوە کە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ ەوە خانەنشین کراون لەگەڵ خەرج کردنی جیاوازیەکەیان.

**هەشتەم** :- بەپێی یاسا ئەو فەرمانبەرەی خۆتەرخان کردنی زانکۆیی دەیگرێتەوە ، نابێت بە هیچ شێوەیەك لە بواری پیشەیی خۆیدا کار بکات لە دوای دەوامی فەرمی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا.

**نۆیـــەم** :- خەرج کردنی دەرماڵەی خۆ تەرخان کردن کە لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە لە دەسەلآتی وەزیری تابەتمەندایە.

**دەیـــەم** :- خەرج کردنی دەرماڵەی نیشتە جێ بوون و دەرماڵەی بروانامە کە پێشتر بوویان خەرج دەکرا رابگیرێت.

**یازدەهەم** :- کرێ ی وانە بێژی مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە پێی رێنماییەکانی حکومەتی عێاقی فیدرالی خەرج دەکرێت.

**دوازدەهەم** :- دەرماڵەی بروانامە و خێزانداری کە بۆ فەرمانبەرانی راژەی شارستانی خەرج دەکرێت بە پێی یاسای ژمارە(٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ فەرمانبەرانی راژەی زانکۆیش دەگرێتەوە بە مەرجێك لە رێژەی (٢٠٠٪)ی مووچە تێ پەر نەکات جگە لە دەرمالەی خیزانداری و پایە.

**سێزدەهەم** :- ئەو دەرمالآنەی کە وەرگیراون و خەرج کراوە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ ەوە بەپێی رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بە پێشینە لە ئەستۆی فەرمانبەران و بەشەش پشکی یەکسان مانگانە لێیان وەربگێرێتەوە تاکو بەرواری٢٠٠٨/١٢/٣١ .

**چواردەهەم** :- گشت ئەو دەرمالآنەی کە پێشتر خەرج دەکران بە پێی رێنماییەکان و نووسراوەکانی وەزارەتمان رادەگیرێت و خەرج ناکرێت.

**پازدەهەم** :- ئەم رێنمایییە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ وەوە جێ بەجێ دەکرێت لەگەڵ خەرج کردنی جیوازیەکان لە مانگی (٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ ەوە جیاوازی هەیە هەرمانگێك لەگەڵ مانگەکانی شایستە خەرج بکرێت.

بۆ کار پێکردنی.........لەگەڵ رێزدا.

**رەشـــــید تـــاهــیر حەسەن**

**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ا... وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایــــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری/ دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٥٠٠٦/١٤/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٧/٩**

## ڕێنمایــــی دارایــــــی ژمــــــارە ( ٢٣ )

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ مووچە و دەرماڵە**

دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (٢١) بە نووسراومان ژمارە / ١٤٠١٧ لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ ئەم ڕوونکردنەوەیە دەخەینە ڕوو دەربارەی مووچە و دەرماڵەکانی فەرمانبەران کە لەم ڕێنماییەمان هاتووە بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**یەکەم // مووچە و سەر مووچە و بەرزکردنەوە : ـ**

١ـ سەبارەت بە نموونەی هاتوو لە بڕگەی (٤/ج) خاڵی سێ یەم لە ڕێنماییمان لە سەرەوە بەم شێوەیە دەبێت : .

**(بڕوانامەی ناوەندی پلە (٢) مەرتەبە (٧) بە مووچەی (٠٠٠ ٦٤٦) شەش سەد و چل و شەش هەزار دینار بکـــــرێتە (٨٦٠) هەشت سەد و شەست هەزار دینار ) .**

٢ ـ هەڵوەشانەوەی بڕگەی (٥/أ) خاڵی سێ یەمی ڕێنماییمان لە سەرەوە و کاری پێ نەکرێت .

٣ـ پێشخستنی فەرمانبەران (قدم) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەکانی ئامادەییە پیشەییەکان و پەیمانگە تەکنیکیەکان و پزیشکان و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دوای دامەزراندنیان پێیان دەبەخشرێت رابگیرێت جگە لەو حاڵەتانە نەبێت کە هاتووە لە ڕێنماییمان ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

٤ ـ پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەران بە پێی ماوەی دیاریکراو لە خشتەی هاوپێچی ڕێنمایی ئاماژە بۆ کراوی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:ـ

أ . فەرمانبەرانی پلەکانی (٢و٣و٤و٥) پێویستە (٥) پێنج ساڵ تەواو بکەن لەو پلانەدا و بە بوونی پلەی چۆڵ و هەموو مەرجەکانی پلە بەرز کردنەوە پلەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ قۆناغی (١) لە پلەی بەرزتر تەنها پلەی دوو نەبێت کە بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکرێتەوە بۆ پلەی یەك .

ب . فەرمانبەرانی پلەکانی (٦و٧و٨و٩و١٠) پێویستە (٤) چوار ساڵ تەواو بکەن لەو پلانەدا و بە بوونی پلەی چۆڵ و هەموو مەرجەکانی پلە بەرز کردنەوە پلەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ قۆناغی (١) لە پلەی بەرزتر .

ج . ئەو فەرمانبەرانەی کە دادەمەزرێن و لە هەر قۆناغێکدا جێگیر دەکرێن پێویستە ماوە یاسایی یەکانی ئاماژە بۆ کراوی سەرەوە تەواو بکەن ، ئینجا پلە بەرزکردنەوەیان بۆ بکرێت .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

د . بۆ مەبەستی دیاری کردنی مووچە و ئەژمارکردنی راژە کار بە هیچ خشتەیەك ناکرێت جگە لە خشتەی هاوپێچی ڕێنمایی داراییمان ژمارە (٢١) ی ساڵی /٢٠٠٨ نەبێت .

**دووەم // دەرماڵەکان :ـ**

١. دەرماڵەی پایە// برگەی (أ) بەم شێوەیە دەبێت : .

**(٣٠٪) لە مووچە تەنها بۆ ئەو کەسە خەرج دەکرێت کە پایەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی گـــــــرتووە بە مەرجێ لە هەیکەلی ڕێکخستنی فەرمانگە دا هەبێت .**

٢. دەرماڵەی پیشەوەری (حرفە) بە ڕێژەی (١٥٪) لە مووچە هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندی و سەرەتایی و بێ بڕوانامەکانیش دەگرێتەوە .

٣. دەرماڵەی خێزانداری بەم شێوەی خوارەوە دەبێت : .

أ . دەرماڵەی خێزانداری خەرج دەکرێت بۆ فەرمانبەری خێزاندار (پیاو) بە بڕی (٠٠٠ ٥٠) پەنجا هەزار دینار .

ب . دەرماڵەی خێزانداری خانەنشینانیش دەگرێتەوە .

ج . فەرمانبەری ژن دەرماڵەی خێزانداری دەیگرێتەوە ئەگەر بۆ پیاوەکەی خەرج نەکرێت بە هەر هۆیەك بێت و ئەگەر هاتوو هۆیەکان هەڵگیران و نەمان ئەوا دەرماڵەکە لە ژنەکە دەبڕدرێت و بۆ پیاوەکە خەرج دەکرێت .

د. فەرمانبەری بەردار (پیاو ، ژن) (مطلق) دەرماڵەی خێزانداری نایگرێتەوە .

ه . ئەگەر هاتوو فەرمانبەری پیاو لە یەك ژن زیاتری هەبێت لەم حاڵەتەدا تەنها بڕی (٠٠٠ ٥٠) پەنجا هەزار دینار بۆ خۆی خەرج دەکرێت .

٤. دەرماڵەی منداڵان : .

١. بڕی (٠٠٠ ١٠) دە هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ فەرمانبەری باوك بۆ هەر منداڵێکی تا چوار منداڵ واتا منداڵی چوارەمیش دەگرێتەوە .

٢ـ ئەگەر هاتوو پیاو و ژن جیابوونەوە (بەرداربوون) دەرماڵەی منداڵ بۆ ئەوەیان خەرج دەکرێت کە بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتووە بە بڕیاری دادگا .

٥. دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ مامۆستایان لە پشووی هاوین خەرج ناکرێت .

٦. کرێ ی کاری سەرەڕای بۆ پۆلینی یەکەم (٠٠٠ ٦) شەش هەزار دینارە بە مەرجێك لە بڕی (٠٠٠ ٣٠٠) سێ سەد هەزار دینار مانگانە تێ پەر نەکات ، و بۆ پۆلینی دووەم (٠٠٠ ٥) پێنج هەزار دینارە بە مەرجێك لە بڕی (٠٠٠ ٢٠٠) دوو سەد هەزار دینار مانگانە تێ پەر نەکات و بۆ پۆلینی سێ یەم بڕی (٠٠٠ ٤) چوار هەزار دینارە بە مەرجێك لە بڕی (٠٠٠ ١٥٠) سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە تێ پەر نەکات .

٧. ناوەرۆکی خاڵی دوانزەهەمی ڕێنماییمان ئاماژە پێکراو لە سەرەوە بەم شێوەیە روونی دەکەینەوە : .
**ئەو دەرماڵانەی کە خەرج کراوە بۆ فەرمانبەران لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١ تاکو ٢٠٠٨/٦/٣٠ بەپێ ی بڕیار و ڕێنماییەکانی دارایی مانگانە لێیان وەردەگیرێتەوە بەڵام ئەگەر هاتوو زیاتر بوو لەو دەرماڵانەی کە خەرج دەکرێت بەپێ ی یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕی زیادەکە لێیان وەرناگیرێتەوە و ناکرێت بە پێشینە بەڵکو لەسەر لیستی مووچەی مانگانە چارەسەر دەکرێت .**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**

**وەزیری دارای**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە**

**ژمارە: ١٥٠٠٦/١٤/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٧/٩**

# ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٢٩ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ مووچە و دەرماڵە

دوا بە دوای ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢١) بە نووسراومان ژمارە (١٤٠١٧) لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ و ڕێنماییەکانی تری تایبەت بە دەرماڵە بریارماندا بە خەرج کردنی دەرماڵە بۆ ئەم توێژانەی کە لە خوارەوە دیاری کراون بەم شێوەی خوارەوە :-

**یەکەم : دەرماڵەی ترسناکی:-**

١- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (١٠٠٪) ی مووچە بۆ پزیشکان و پزیشکی ددان و دەرمانسازان ، وە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١.

٢- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (٥٠٪) ی مووچە بۆ کارمەندانی خاوەن پیشە تەندروستییەکان ،وە لە بەرواری ٢٠٠٨/١/١.

٣- (٣٠٪)ی مووچە بۆ ئەندازیاران ئەوانەی لە شوێنی کار و پرۆژەکان کار دەکەن لە بەرواری٢٠٠٨/٧/١وە بۆیان خەرج دەکرێت.

٤- (٢٥٪) ی مووچە بۆ ئەندازیاران ئەوانەی لە ناو دیوانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان کاردەکەن لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ وە بۆیان خەرج دەکرێت.

٥- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی بڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بۆ لێکۆلەرەوەکانی دادی ئەوانەی لە لە بنکەکانی پۆلیس و دادگاکانی لێکۆلینەوە کاردەکەن و بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ ئەوانەی لە دیوانی وەزارەتی داد و فەرمانگەکانی دادی کار دەکەن.

٦- (٣٠٪) ی مووچەی بۆ کارمەندانی چاپخانەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە و کشتوکاڵ بۆ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ کار دەکەن لەسەر ئامێرەکانی چاپ و تووشی مەترسی دەبن و (٢٠٪)ی مووچە بۆ فەرمانبەرانی تری چاپخانەکان و لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ وە خەرج دەکرێت.

٧- (٣٠٪) ی مووچە بۆ فەرمانبەرانی دەزگای مین ئەوانەی لە شوێنی کار کاردەکەن و (٢٠٪) ی مووچە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کارگێرییەکان و دەزگای گشتی و بەرێبەرایەتیەکان کار دەکەن وە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١وە بۆیان خەرج دەکرێت .

**دووەم : دەرماڵەی تایبەتی**

١- (١٠٠٪)ی مووچە بۆ پزیشکی سرکەر و یاریدەدەری پزیشکی سرکەر ئەوانەی لە هۆبەکانی نیشتەگەری کار دەکەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٢- (١٠٠٪)ی مووچە بۆ پزیشك و کارمەندانی دادوەری ( الطب العدلي ).

٣- بەردەوام بوون لەسەر خەرج کردنی (٣٠٪) ی مووچە بۆ کارمەندانی وەزارەتی کارەبا و عەمباری نەوت و کانزاکان و کارگەی گـــاز.

**سێیەم: ئەم دەرمالأنەی سەرەوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە کاری پیٚ دەکرێت**

١-نابیٚ کۆی گشتی دەرماڵە وەرگیراو لە ڕێژەی (٢٠٠٪)ی مووچە زیارت بێت.

٢-دەرماڵەکان لە ووچانی ئاسایی و نەخۆشی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ خەرج ناکرێت.

٣- دەرمالەکان لە ووچانی دایکایەتی خەرج ناکرێت.

٤-ئەم دەرمالأنەی سەرەوە لەسەر لیستی مووچە خەرج دەکرێن .

٥- نابی دوو دەرماڵەی ترسناکی پێکەوە خەرج بکرێت.

لەگەڵ ڕێــــــزدا...........

**ســەرکیس ئاغاجان مامندۆ**
**وەزیری دارایی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**
**ب.گ. دارایی**
**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٧٩٥٠/١٧/٩**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٨/٢٥**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٣٥ )

**بۆ /وەزارەتی داد / ب ـ گ ـ دیوان / ب ـ ژمێریاری**

**ب/ مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی**

پاڵپشت بە فەرمانی نهێنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ٢٢٤٥ لە ٢٠٠٨/٨/١٤ و ئاماژە بە یاسای مووچەی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی عێراقی فیدراڵ ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاردرا بەم شێوەیەی خوارەوە جێ بەجێ بکرێت : ـ

١ـ مووچەی بنەرەتی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی بەپێ ی ئەم پۆلینانەی خوارەوە دەبێت : ـ

| | | | |
|---|---|---|---|
| أ ـ | پۆلینی چوارەم | ١ ٥٠٠ ٠٠٠ | یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار . |
| ب ـ | پۆلینی سێ یەم | ١ ٧٥٠ ٠٠٠ | یەك ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار . |
| ج ـ | پۆلینی دووەم | ٢ ٠٠٠ ٠٠٠ | دوو ملیۆن دینار . |
| د ـ | پۆلینی یەکەم | ٢ ٢٥٠ ٠٠٠ | دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار . |

٢ـ بەخشینی دەرماڵەی پیشەیی بە ڕێژەی (١٥٠٪) سەدو پەنجا لە سەد لە مووچە بۆ ناوبراوان ، و لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی یان نەخۆشی زیاتر لە (٣٠) سی ڕۆژ ئەم دەرماڵەیە دەبڕدرێت .

٣ـ کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە .. بۆ زانین و کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**
**وەزیری دارایی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٩٣٧٦/١٨/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٩/١٤**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمــــــارە ( ٤١ )

**بۆ /وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**

**ب/ مووچە**

پاڵپشت بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ٩٧١٤ لە ٢٠٠٨/٩/٨ و ئاماژە بە یاسای پارێزگاکانی ڕێك نەخراو لە هەرێم ژمارە ٢١ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی عێراقی فیدراڵ بڕیاردرا مووچە و دەرماڵەی ئەم پلانەی خوارەوە بەم شێوەیە بێت :.

١. جێگری پارێزگار و قائیمقام بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی مووچەی بۆ خەرج دەکرێت بە بڕی (٠٠٠ ٥٠٠ ١) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار لەگەڵ دەرماڵەی تایبەت بە بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ١) یەك ملیۆن دینار ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٣٤) لە ٢٠٠٨/٨/١٤ .

٢ـ یاریدەدەری پارێزگار و بەڕێوەبەری ناحیە بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی مووچەیان بۆ خەرج دەکرێت بە (٠٠٠ ٩٤٨) نۆ سەدو چل و هەشت هەزار دینار لەگەڵ دەرماڵەی پایە بە بڕی (٣٠٪) لە مووچە ، هەروەها خەرج کردنی دەرماڵەکانی تریان بەپێ ی شایستە بوونیان و بەپێ ی هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە ٢١ لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ .

٣. کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**

**وەزیری دارایی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ٢٢٣٤٥/١٨/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١٠/٧**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٤٢ )

**بۆ /وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ / ب ـ گ ـ دیوان**

**ب/ مووچە و دەرماڵە**

بە هاوپێچ وێنەیەك لە هەردوو بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ١٠٤٥٠ و ١٠٤٥١ لە ٢٠٠٨/٩/٢٣ بۆتان دەنێرین تایبەت بە سیستەمی نوێ ی مووچە و دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خشتەکانی هاوپێچی .. بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی لە بەرواری ٢٠٠٨/٨/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**

**وەزیری دارایی**

**بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە ﴿ ١٤٥٠ لـــــە ٢٠٠٨/٩/٢٣ ﴾**

**رواتب ضباط و منتسبي قوى الامن الداخلي ( الراتب الجديد ) و الذين نسبة الخطورة ٨٠٪ :-**

| | الــــــراتب القديـــــــم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | الرتبة | الراتب الاسمي | الخطورة | المنصب ٢٥٪ | المنصب ١٠٪ | مجموع الراتب |
| 1 | لواء بدون منصب | 713000 | 484000 | ------- | ------- | 1197000 |
| 2 | لواء+منصب٢٥٪ | 713000 | 484000 | 121000 | ------- | 1318000 |
| 3 | لواء+منصب١٠٪ | 713000 | 484000 | ------- | 48400 | 1245400 |
| 4 | عميد بدون منصب | 700000 | 472000 | ------- | ------- | 1172000 |
| 5 | عميد + منصب ٢٥٪ | 700000 | 472000 | 118000 | ------- | 1290000 |
| 6 | عميد + منصب ١٠٪ | 700000 | 472000 | ------- | 47200 | 1219200 |
| 7 | عقيد بدون منصب | 398000 | 460000 | ------- | ------- | 858000 |
| 8 | عقيد + منصب ٢٥٪ | 398000 | 460000 | 115000 | ------- | 973000 |
| 9 | عقيد + منصب ١٠٪ | 398000 | 460000 | ------- | 46000 | 904000 |
| 10 | مقدم بدون منصب | 361000 | 448000 | ------- | ------- | 809000 |
| 11 | مقدم + منصب ٢٥٪ | 361000 | 448000 | 112000 | ------- | 921000 |
| 12 | مقدم + منصب ١٠٪ | 361000 | 448000 | ------- | 44800 | 853800 |
| 13 | رائد بدون منصب | 296000 | 436000 | ------- | ------- | 732000 |
| 14 | رائد + نصب ٢٥٪ | 296000 | 436000 | 109000 | ------- | 841000 |



WWW.MOJKURDISTAN.COM

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 15 | رائد + منصب ١٠٪ | 296000 | 436000 | ------- | 43600 | 775600 |
| 16 | نقيب بدون منصب | 253000 | 424000 | ------- | ------- | 677000 |
| 17 | نقيب + منصب ٢٥٪ | 253000 | 424000 | 106000 | ------- | 783000 |
| 18 | نقيب + منصب ١٠٪ | 253000 | 424000 | ------- | 42400 | 719400 |
| 19 | ملازم اول بدون منصب | 196000 | 412000 | ------- | ------- | 608000 |
| 20 | ملازم اول+منصب٢٥٪ | 196000 | 412000 | 103000 | ------- | 711000 |
| 21 | ملازم اول+منصب١٠٪ | 196000 | 412000 | ------- | 41200 | 649200 |
| 22 | ملازم ثاني+بدون منصب | 183000 | 400000 | ------- | ------- | 583000 |
| 23 | ملازم ثاني+منصب٢٠٪ | 183000 | 400000 | 100000 | ------- | 683000 |
| 24 | ملازم ثاني+منصب١٠٪ | 183000 | 400000 | ------- | 40000 | 623000 |
| 25 | مفوض١ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 26 | مفوض٢ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 27 | مفوض٣ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 28 | مفوض٤ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 29 | مفوض٥ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 30 | مفوض٦ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 31 | مفوض٧ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 32 | مفوض ٨ | 149000 | 388000 | ------- | ------- | 537000 |
| 33 | ر.ع.م | 127000 | 364000 | ------- | ------- | 491000 |
| 34 | ع.م | 121000 | 340000 | ------- | ------- | 461000 |
| 35 | ن.ع.م | 118000 | 316000 | ------- | ------- | 434000 |
| 36 | ش.١.م | 116000 | 304000 | ------- | ------- | 420000 |
| 37 | ش.م | 113000 | 304000 | ------- | ------- | 417000 |

**المديريات المشمولة بهذه نسبة ٨٠٪ :-**

١. **كلية الشرطة.**

٢. **مقر مديرية المرور العامة و مديريات مرور المحافظات و المديريات و المراكز و القواطع التابعة لها.**

٣. **مقر مديرية الجنسية و الجوازات العامة و مديريات الجنسية و الاحوال المدنية و الاقامة و الجوازات للمحافظات و المراكز التابعة لها.**

٤. **مديريات و اقسام و مراكز و مفارز شرطة الدفاع المدني.**

**رواتب ضباط و منتسبي قوى الامن الداخلي ( الراتب الجديد ) و الذين نسبة الخطورة ٩٠٪ :-**

| | الـــــــــراتب القديـــــــــــم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | الرتبة | الراتب الاسمي | الخطورة | المنصب ٢٥٪ | المنصب ١٠٪ | مجموع الراتب |
| 1 | لواء بدون منصب | 713000 | 544500 | ------- | ------- | 1257500 |
| 2 | لواء+منصب٢٥٪ | 713000 | 544500 | 136125 | ------- | 1393625 |
| 3 | لواء+منصب١٠٪ | 713000 | 544500 | ------- | 54450 | 1311950 |
| 4 | عميد بدون منصب | 700000 | 531000 | ------- | ------- | 1231000 |
| 5 | عميد + منصب ٢٥٪ | 700000 | 531000 | 132750 | ------- | 1363750 |

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | عميد + منصب ١٠٪ | 700000 | 531000 | ------- | 53100 | 1284100 |
| 7 | عقيد بدون منصب | 398000 | 517000 | ------- | ------- | 915000 |
| 8 | عقيد + منصب ٢٥٪ | 398000 | 517000 | 129375 | ------- | 1044375 |
| 9 | عقيد + منصب ١٠٪ | 398000 | 517000 | ------- | 51750 | ٩٦٧٢٥٠ |
| 10 | مقدم بدون منصب | 361000 | 504000 | ------- | ------- | 865000 |
| 11 | مقدم + منصب ٢٥٪ | 361000 | 504000 | 126000 | ------- | 991000 |
| 12 | مقدم + منصب ١٠٪ | 361000 | 504000 | ------- | 51750 | 916750 |
| 13 | رائد بدون منصب | 296000 | 490500 | ------- | ------- | 786500 |
| 14 | رائد + نصب ٢٥٪ | 296000 | 490500 | 122625 | | 909125 |
| 15 | رائد + منصب ١٠٪ | 296000 | 490500 | ------- | 49050 | 835550 |
| 16 | نقيب بدون منصب | 253000 | 477000 | ------- | ------- | 730000 |
| 17 | نقيب + منصب ٢٥٪ | 253000 | 477000 | 119250 | ------- | 849250 |
| 18 | نقيب + منصب ١٠٪ | 253000 | 477000 | ------- | 47700 | 777700 |
| 19 | ملازم اول بدون منصب | 196000 | 463500 | ------- | ------- | 659500 |
| 20 | ملازم اول+منصب٢٥٪ | 196000 | 463500 | 115875 | ------- | 775375 |
| 21 | ملازم اول+منصب١٠٪ | 196000 | 463500 | ------- | 46350 | 705850 |
| 22 | ملازم ثاني+بدون منصب | 183000 | 450000 | ------- | ------- | 633000 |
| 23 | ملازم ثاني+منصب٢٠٪ | 183000 | 450000 | 112500 | ------- | 745500 |
| 24 | ملازم ثاني+منصب١٠٪ | 183000 | 450000 | ------- | 45000 | 678000 |
| 25 | مفوض١ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 26 | مفوض٢ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 27 | مفوض٣ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 28 | مفوض٤ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 29 | مفوض٥ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 30 | مفوض٦ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 31 | مفوض٧ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 32 | مفوض ٨ | 149000 | 436500 | ------- | ------- | 585500 |
| 33 | ر.ع.م | 127000 | 409500 | ------- | ------- | 536500 |
| 34 | ع.م | 121000 | 382500 | ------- | ------- | 503500 |
| 35 | ن.ع.م | 118000 | 355500 | ------- | ------- | 473500 |
| 36 | ش.١.م | 116000 | 342000 | ------- | ------- | 458000 |
| 37 | ش.م | 113000 | 342000 | ------- | ------- | 455000 |

**المديريات المشمولة بهذه نسبة ٩٠٪ :-**

١. **مقر وزارة الداخلية / مديرية شؤون قوى الامن الداخلي.**

٢. **هيئة التفتيش.**

٣. **محمكمة قوى الامن الداخلي.**

٤. **مقر مديرية الشرطة العامة.**

٥. **مديريات الشرطة المحافظات و الاقضية و النواحي و الاقسام و المراكز التابعة لها ( عدا شرطة النجدة و الطوارئ ).**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٦. مديريتا شرطة الكهرباء و الغابات في الاقليم و المديريات و المراكز التابعة لهما.

**رواتب ضباط و منتسبي قوى الامن الداخلي ( الراتب الجديد ) و الذين نسبة الخطورة ١٠٠٪ :-**

| | الراتب القديم | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | الرتبة | الراتب الاسمي | الخطورة | المنصب ٢٥٪ | المنصب ١٠٪ | مجموع الراتب |
| 1 | لواء بدون منصب | 713000 | ٦٠٥٠٠٠ | --------- | --------- | 1318000 |
| 2 | لواء+منصب٢٥٪ | 713000 | ٦٠٥٠٠٠ | ١٥١٢٥٠ | --------- | ١٤٦٩٢٥٠ |
| 3 | لواء+منصب١٠٪ | 713000 | ٦٠٥٠٠٠ | --------- | ٥٩٠٠٠ | ١٣٧٨٥٠٠ |
| 4 | عميد بدون منصب | 700000 | ٥٩٠٠٠٠ | --------- | --------- | ١٢٩٠٠٠٠ |
| 5 | عميد + منصب ٢٥٪ | 700000 | ٥٩٠٠٠٠ | ١٤٧٥٠٠ | --------- | ٤٣٧٥٠٠ |
| 6 | عميد + منصب ١٠٪ | 700000 | ٥٩٠٠٠٠ | --------- | ٥٩٥٠٠ | ١٣٤٩٠٠٠ |
| 7 | عقيد بدون منصب | 398000 | ٥٧٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٩٧٣٠٠٠ |
| 8 | عقيد + منصب ٢٥٪ | 398000 | ٥٧٥٠٠٠ | ١٤٣٧٥٠ | --------- | ١١١٦٧٥٠ |
| 9 | عقيد + منصب ١٠٪ | 398000 | ٥٧٥٠٠٠ | --------- | ٥٧٠٠٠ | ١٠٣٠٥٠٠ |
| 10 | مقدم بدون منصب | 361000 | ٥٦٠٠٠٠ | --------- | --------- | ٩٢١٠٠٠ |
| 11 | مقدم + منصب ٢٥٪ | 361000 | ٥٦٠٠٠٠ | ١٤٠٠٠٠ | --------- | ١٠٦١٠٠٠ |
| 12 | مقدم + منصب ١٠٪ | 361000 | ٥٦٠٠٠٠ | --------- | ٥٦٠٠٠ | ٩٧٧٠٠٠ |
| 13 | رائد بدون منصب | 296000 | ٥٤٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٨٤١٠٠٠ |
| 14 | رائد + نصب ٢٥٪ | 296000 | ٥٤٥٠٠٠ | ١٣٦٢٥٠ | --------- | ٩٧٧٢٥٠ |
| 15 | رائد + منصب ١٠٪ | 296000 | ٥٤٥٠٠٠ | --------- | ٥٤٥٠٠ | ٨٩٥٥٠٠ |
| 16 | نقيب بدون منصب | 253000 | ٥٣٠٠٠٠ | --------- | --------- | ٧٨٣٠٠٠ |
| 17 | نقيب + منصب ٢٥٪ | 253000 | ٥٣٠٠٠٠ | ١٣٢٥٠٠ | --------- | ٩١٥٥٠٠ |
| 18 | نقيب + منصب ١٠٪ | 253000 | ٥٣٠٠٠٠ | --------- | ٥٣٠٠٠ | ٨٣٦٠٠٠ |
| 19 | ملازم اول بدون منصب | 196000 | ٥١٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٧١١٠٠٠ |
| 20 | ملازم اول+منصب٢٥٪ | 196000 | ٥١٥٠٠٠ | ١٢٨٧٥٠ | --------- | ٨٣٩٧٥٠ |
| 21 | ملازم اول+منصب١٠٪ | 196000 | ٥١٥٠٠٠ | --------- | ٥١٥٠٠ | ٧٦٢٥٠٠ |
| 22 | ملازم ثاني+بدون منصب | 183000 | ٥٠٠٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٨٣٠٠٠ |
| 23 | ملازم ثاني+منصب٢٠٪ | 183000 | ٥٠٠٠٠٠ | ١٢٥٠٠٠ | --------- | ٨٠٨٠٠٠ |
| 24 | ملازم ثاني+منصب١٠٪ | 183000 | ٥٠٠٠٠٠ | --------- | ٥٠٠٠٠ | ٧٣٣٠٠٠ |
| 25 | مفوض١ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 26 | مفوض٢ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 27 | مفوض٣ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 28 | مفوض٤ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 29 | مفوض٥ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 30 | مفوض٦ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 31 | مفوض٧ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 32 | مفوض ٨ | 149000 | ٤٨٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٦٣٤٠٠٠ |
| 33 | ر.ع.م | 127000 | ٤٥٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٥٨٢٠٠٠ |
| 34 | ع.م | 121000 | ٤٢٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٥٤٦٠٠٠ |
| 35 | ن.ع.م | 118000 | ٣٩٥٠٠٠ | --------- | --------- | ٥١٣٠٠٠ |
| 36 | ش.١.م | 116000 | ٣٨٠٠٠٠ | --------- | --------- | ٤٩٦٠٠٠ |
| 37 | ش.م | 113000 | ٣٨٠٠٠٠ | --------- | --------- | ٤٩٣٠٠٠ |

**المديريات المشمولة بهذه نسبة ١٠٠٪ :-**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ضباط و منتسبي مديريات شرطة النجدة و قواطعها و آمريات شرطة قوات الطوارئ و قواطعها.

الملاحضات :-

الضباط و المفوضين و المراتب قبل ٢٠٠٣/١٠/١

ش.م الـــى مفوض ١ / ٢٠٠٠٠٠ دينار

ملازم ثاني الى رائد ٣٠٠٠٠٠ دينار

عميد ٧٠٠٠٠٠

لواء ٧١٣٠٠٠

---

**بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە ﴿ ١٤٥١ لـــــە ٢٠٠٨/٩/٢٣ ﴾**

| زنجيره | پـــــــلە | مووچەی بنەڕەتی | دەرمـــــــــــالــــــــەی | | | | کۆی مووچەو دەرماڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ترسناکی | تاییەت | منصب ١٠٪ | منصب٢٥٪ | |
| ١ | لیوا | ٧٠٠٠٠٠ | ٦٠٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٥١٢٥٠ | ١٥٥٦٢٥٠ |
| ٢ | لیوا | ٧٠٠٠٠٠ | ٦٠٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٦٠٥٠٠ | — | ١٤٦٥٥٠٠ |
| ٣ | لیوا | ٧٠٠٠٠٠ | ٦٠٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ١٤٠٥٠٠٠ |
| ٤ | عميد | ٧٠٠٠٠٠ | ٥٩٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٤٧٥٠٠ | ١٥٣٧٥٠٠ |
| ٥ | عميد | ٧٠٠٠٠٠ | ٥٩٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٩٠٠٠ | — | ١٤٤٩٠٠٠ |
| ٦ | عميد | ٧٠٠٠٠٠ | ٥٩٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ١٣٩٠٠٠٠ |
| ٧ | عقيد | ٣٩٨٠٠٠ | ٥٧٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٤٣٧٥٠ | ١٢١٦٧٥٠ |
| ٨ | عقيد | ٣٩٨٠٠٠ | ٥٧٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٧٥٠٠ | — | ١١٣٠٥٠٠ |
| ٩ | عقيد | ٣٩٨٠٠٠ | ٥٧٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ١٠٧٣٠٠٠ |
| ١٠ | مقدم | ٣٦١٠٠٠ | ٥٦٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٤٠٠٠٠ | ١١٦١٠٠٠ |
| ١١ | مقدم | ٣٦١٠٠٠ | ٥٦٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٦٠٠٠ | — | ١٠٧٧٠٠٠ |
| ١٢ | مقدم | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٦٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ١٠٢١٠٠٠ |
| ١٣ | رائد | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٤٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٣٦٢٥٠ | ١٠٨١٢٥٠ |
| ١٤ | رائد | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٤٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٤٥٠٠ | — | ٩٩٩٥٠٠ |
| ١٥ | رائد | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٤٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٩٤٥٠٠٠ |
| ١٦ | نقيب | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٣٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | ١٣٢٥٠٠ | ١٠٦٢٥٠٠ |
| ١٧ | نقيب | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٣٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٣٠٠٠ | — | ٩٨٣٠٠٠ |
| ١٨ | نقيب | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٣٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٩٣٠٠٠٠ |
| ١٩ | ملازم اول | ٣٠٠٠٠٠ | ٥١٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥١٥٠٠ | — | ٩٦٦٥٠٠ |
| ٢٠ | ملازم اول | ٣٠٠٠٠٠ | ٥١٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | | ٩١٥٠٠٠ |
| ٢١ | ملازم دوو | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | — | ٩٥٠٠٠٠ |
| ٢٢ | ملازم دوو | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٠٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | | ٩٠٠٠٠٠ |
| ٢٣ | كوميسەر ١-٨ | ٢٠٠٠٠٠ | ٤٨٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٧٨٥٠٠٠ |
| ٢٤ | ر.ع | ٢٠٠٠٠٠ | ٤٥٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٧٥٥٠٠٠ |
| ٢٥ | عريف | ٢٠٠٠٠٠ | ٤٢٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٧٢٥٠٠٠ |
| ٢٦ | ن. عريف | ٢٠٠٠٠٠ | ٣٩٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٦٩٥٠٠٠ |
| ٢٧ | ئەمين١ - ئەمين | ٢٠٠٠٠٠ | ٣٨٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | — | — | ٦٨٠٠٠٠ |

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ٢٢٣٤٥/١٨/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١٠/٧**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٤٤)

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ پێشینەی خانووبەرە**

پاڵپشت بە هەردوو بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠٤٥٢ و ١١٠٠٢ لە ٩/٢٣ و ٢٠٠٨/١٠/٨ و بە مەبەستی خزمەت کردنی فەرمانبەران و هاوولاّتیانی هەرێمی کوردستان لە پێناو کەم کردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوونیان بڕیاردرا بە خەرج کردنی پێشینەی خانووبەرە بەپێ ی ئەم بر و ڕێسا و مەرجانەی خوارەوە :.

**یەکەم // بڕی قەرز: ـ**

(١٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار بۆ فەرمانبەران و هاوولاّتیان ئەوانەی زەویەکانیان کەوتووتە ناو شار .

(٩ ٠٠٠ ٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار بۆ فەرمانبەران و هاوولاّتیان ئەوانەی زەویەکانیان کەوتووتە دەرەوەی شار .

**دووەم // مەرجەکانی قەرز : ـ**

١- پێویستە وەرگری قەرز خێزاندار بێت و تەنها بۆ یەکێکیان خەرج دەکرێت .
٢- هەڵگری ناسنامەی باری شارستانی هەرێمی کوردستان بێت یان مووچە خۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
٣. هیچ خانوو یان شوقەی نیشتەجێ ی بە ناوی خۆی و خێزانی و منداڵە ناکامەکانی نەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ .
٤- پێشتر پێشینەی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت لە یەکێك لە بەنکەکانی هەرێم .
٥- فەرمانبەر لە یەك ساڵ زیاتر خزمەتی وەزیفی هەبێت .
٦- ڕێژەی (٢٪) ی ڕەسیدی قەرزەکە وەردەگیرێت وەك خەرجییەکانی کارگێری .
٧- ڕێژەی سوودی دواکەوتن (١٠٪) دەبێت لەسەر ڕەسیدی قەرزەکە .
٨- ڕووبەری بینا نابێت لە (١٠٠) م٢ کەمتر بێت و پێویستە مۆڵەتی بینای تایبەتی خۆی هەبێت .

**سێ یەم // ڕێساکان : ـ**

١- قەرزەکە بە دوو قۆناغ خەرج دەکرێت ، قۆناغی یەکەم دوای تەواوکردنی بادلۆ و قوناغی دووەم دوای تەواو کردنی بنمیچ (سقف) و بە شێوەیەکی یەکسان .
٢- ئەگەر هاتوو لە کاتی پێشکەش کردنی مامەڵەی داواکاری پێشینەی خانووبەرە بینایەکە قۆناغی بنمیچی تەواو کرابوو و کەم و کوری سەرەکی تیادا مابێت وەك (سپی کاری و دەرگاو پەنجەرە یان کاشی و دەرگاو پەنجەرە )ئەوە بە یەك جار تەواوی پێشینەکە خەرج دەکرێت .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٣- قـەرزار دەبێـت کـەفیلێکی دەسـتەبەری هـەبێت (ضـامن) پێـشکەش بـە بـەنك بکـات و فەرمانبـەربێت و مووچـەی بنـەرەتی نابێـت لـە (٠٠٠ ٣٦٢) سـێ سـەد و شەسـت و دوو هـەزار دینـار کـەمتر بێـت و ئەگـەر کەفیلکە فەرمانبەر نەبوو دەبێت ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت .

٤- گەڕاندنـەوەی پێشینەکە بـۆ مـاوەی (١٥) سـاڵ دەبێـت بـۆ ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە مووچـەی بنـەرەتیان لـە (٠٠٠ ٦٥٠) شـەش سـەد و پـەنجا هـەزار دینـار زیـاترە و بـۆ مـاوەی (٢٠) سـاڵ بـۆ ئەوانـەی کـە مووچـەی بنەرەتیان لە (٠٠٠ ٦٥٠) شەش سەد و پەنجا هـەزار دینـار کـەمترە هـەروەها بڕینـی پـشکی پێشینەکە لـە مانگی داهاتووی دوای مانگی وەرگرتنی یەکەم کوژمەی پێشینەکە دەست پێ دەکات .

٥- گەڕاندنـەوەی پێـشینە بـۆ مـاوەی (١٢) سـاڵ دەبێـت بـۆ هاووڵاتیـان ، هـەروەها وەرگرتنـەوەی پێـشینەکە ساڵانە دەبێت دوای تێپەڕبوونی ساڵێك لە بەرواری وەرگرتنی گوژمەی یەکەمی پێشینەکە .

٦- قـەرزار بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە دڵنیـایی دەکرێـت لەسـەر ژیـانی بەرامبـەر بـڕی قەرزەکـەی لـە مـاوەی قەرزاریەکەی .

٧- ئـەو فەرمانبـەر و هاووڵاتییـەی کـە پێـشینە وەردەگرێـت و کۆچـی دوایـی دەکـات لێـدەبوردرێت لـە گەڕاندنەوەی ئەو ڕەسیدەی کە ماوە لە ئەستۆی لە دوای کۆچ کردنیدا ، بەڵام ئەو پشکانەی کە نـەدراوە لە پێش کۆچ کردنی دەبێت میراتگرانی ئەم پشکانە بدەنەوە بە بەنك لەگەڵ سوودی دواکەوتن .

٨- سیـستەمی وەرگێرانـی قـەرز بـۆ سـەر نـاوی یـەکتر (تـدویر الـدین) کـاری پـێ ناکرێـت لـە کـاتی فرۆشـتنی خانووەکە و دەبێت قەرزی ماوە بە تەواوی بدرێتە بەنك .

بۆ کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕەشید تاهیر حەسەن**
**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــی دارایـــی**
**ب.گ. دارایی**
**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆلینەوە**
**ژمارە: ٢٣٨١٦/٥/٩**
**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١٠/٢٧**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە (٤٥)

**بۆ / وەزارەتی کشتوکاڵ / ب.گ. دیـــوان / ب – ژمێریـــاری**

**ب/ دەرمـــاڵەی تـــرسناکـــی**

پاڵپشت بە بڕیا ری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ١١١١٩ و ٢٠٠٨/١٠/١٣ وئاماژە بە نووســـراوی ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدرال ژمارە ٣٨٧٠ لە ٢٠٠٨/٢/١٨ بریاردرا بە خەرج کردنی دەرماڵەی ترساکی بۆ پزیشکان و کارمەندانی ڤێتەرنەری ئەوانەی کە بە فیعلی لە بواری ڤێتەنەری کاردەکەن بەم شێوەی خوارەوە :–

١ – ڕێژەی ( ١٠٠٪ ) ی مووچەی بنەرەتی بۆ پزیشکانی ڤێتەرنەری .
٢ – ڕێژەی ( ٥٠٪ ) ی مووچەی بنەرەتی بۆ کارمەندانی ڤێتەرنەری .
٣ – ئەم دەرماڵەیە لە گشت مۆڵەتەکاندا دەبڕدرێت.
٤ – دوو دەرماڵەی تـــــرسناکی بە یەکەوە خەرج ناکرێت.
٥ – ئەم دەرماڵەیە پلە تایبەتەکان ناگرێتەوە .
٦ – ئەم دەرماڵەیە لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/١ ەوە خەرج دەکرێت.

بۆ زانـــــین و کارپێکردنی .........لەگەڵ ڕێزدا.

**بـــایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتی شارەوانی

**فەرمانگەی یاسایی**

**ژمارە : ١٧٧٤٨**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١١/٢٦**

### بەیان ( ٧ ) ســـــــــــاڵی ٢٠٠٨

به پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی حەوتەم لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ( ٦ ) ی ســاڵی ١٩٩٣ ی هەموار کراو ، بڕیارماندا :-

١- کردنەوەی شارەوانی ( سەری بڵند ) لە سنووری پارێزگای هەولێر وە بە پلەی چوارەم.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ).

**نازەنین محمد وســو**

**وەزیری شارەوانی**

---

## وەزارەتی شارەوانی

**فەرمانگەی یاسایی**

**ژمارە : ١٧٩٥٦**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١١/٣٠**

### بەیان ( ٨ ) ســـــــــــاڵی ٢٠٠٨

به پێی ئەو دەسەڵاتەی کـــە پێمان دراوە بە گـــــوێرەی بڕگە (١) لە ماددەی (١٠) لە یاســـای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ( ٦ ) ی ســـــاڵی ١٩٩٣ ی هەموار کــــراو ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی شۆڕش لە سنوری شارەوانیەکانی سلێمانی بۆ ( ٤٤٧٧٦ ) کەس بڕیارماندا :-

١ - گۆڕینی پلەی شارەونی شۆڕش لە پلەی ( چوار ) بۆ پلەی ( دوو ).

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بــڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.

**نازەنین محمد وســو**

**وەزیری شارەوانی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتی داد

**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**

**بەریوەبەرایەتی پەیوەندیەكان**

**ژمارە : ٣/ ١٦٣٩**

**ڕێكەوت: ٢٠٠٨/١٢/٧**

# بەیان ( ٦ ) ســـــــــاڵی ٢٠٠٨

لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی راوێژكاری هەمیشەیی لە دیوانی بەریوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە ژمارە (٣٥٣) لە ( ٢٠٠٨/٨/٢٥)، پالپشت بە ماددەی (٣٦) لە یاسای تۆماركردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ی ساڵی ١٩٧١ و هەموار كراوەكانی:-

بریارماندا بە ئەنجامدانی بەرنوس ( تحریر تمهیدی ) بۆ مولكی ژمارە( ٣ ك ١٠٢ كەلار ) . بەپێی مادەی (٣٧) لە یاسای ناوبراو، بەریوەبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوبەرە ڕێكاری تایبەت بۆ جێبەجێ كردنی ئەنجام بدات.

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM